د. ســادق شــەرەفکەندی: ئایا هەموو ئەو هەوڵدانە فاشیستی‌یەو ئەو هەموو زەبرو زەنگە رژیم بۆ کوێ و بە چ دەگەیەنێ؟ وەلامی ئم پرسیارە بۆ هەر کەسێک کە کەمێک روون‌بینیی سیاســی هەبێ‌و ئاگاداری‌یەکی رەوتی مێژووو قانوونە بێ ئەم لاو ئەولاکانی گەشــەکردنی کۆمەڵی ئینســانی پەیدا کردبێ، زۆر روونە. فشــارو زەبرزەنگ‌و کوشتارو سەرکوت‌و جنایەت، هەر چەند بۆ ماوەیەکی کاتی مومکینە وەک هەورێکی رەش پێشــی رۆژی رووناک بگرێ‌و ســەردەمێک کورت بەرگری لە بەرەوپێش چوونی چەرخی زەمان بکات، بەلام هیچ هێزێک نەک هەر ناتوانێ ڕەوڕەوەی مێژوو بۆ پاشەوە بکشێنێتەوە، بەلکوو ناتوانێ تەنانەت بۆ ماوەیەکی درێژیش پێشی گەران و بەرەوپێش چوونی بگرێ.

د. سادق شەرەفکەندی: گەلی قارەمان‌و شۆرشگێری کورد سەلماندوویەتی کە لە ژێر هیچ فشــارێکدا سەر بۆ داگیرکەر نەوی ناکاو لە هەر ئاگرێکدا بسووتێ لە خۆلەمێشەکەی سەر لە نوێ ئاگری شۆرش‌و راپەرین بە گڕترو گەرمتر لە پێشوو بەرز دەکاتەوە.

> د. سادق شەرەفکەندی: ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆ خۆمان دیاری دەکەین ، چۆنکە حیزبێکی سەربەخۆین. چ چووک بین‌و چ گەورە ، چ بێ‌هێز بین‌و چ بەهێز ، سیاسەتی سەربەخۆی خۆمان ناگۆرین.

د. ســادق شــەرەفکەندی: لە وڵاتێکی وەک ئێراندا «شا» نەک هەر ناتوانێ بە شایەتی کردنی بێ حکوومەت قەناعەت بکات، بەلکوو قەت ناتوانێت دێموکرات بێ‌و لە ســەرەڕۆیی‌و دیکتاتۆری دوور بکەوێتەوە. لە ولاتێکی وەک ئێراندا ئەوە ســەرۆک‌کۆمار یانی هەلبژاردەی خەلک هەموو دەبنە دیکتاتۆر، چ بگا بە شا کە خۆی بە سێبەری خودا دەزانێ!

د. ســادق شــەرەفکەندی: لە دنیای پر پێچو خەمی ئەورۆدا ئەو شــتە ســەرەکی‌یە کە دەتوانێ دەستەبەری سەربەخۆیی راستەقینەی سیاسی لە ولاتی ئێراندا بێ «دێموکراسی»یەو، «بەستراوەیی» ئاکامی بێ ئەملاوئەولای دیکتاتۆری و سەرەڕۆیە.





وێنە: ساڵی ١٣٧٠ پاریس، فەرانسە
د. شەرەفکەندی لەسەر گۆڕی شەهید د. قاسملوو

د. سادق شەرەفکەندی: حیزبی دیموکراتی کوردستان  ئێستا ئیدی دارێکی قەد ئەستوورە کە ڕەگو ریشەی لە قووڵایی خاکدا داکوتاوەو لکوپۆیی بۆ هەموو لایەک هاویشتووە، بۆیە بە هەڵکردنی رەشەبا تێک ناشکێو بڕینی هەر لکێکی هەر چەندیش گەورەو پڕ بێ، لە هەڵدان و بەر گرتنی ناخا.

د. سادق شەرەفکەندی: لە کۆمەڵێکدا کە وەلی فەقیە دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکو بە سەر چارەنووسی خەلکدا هەیە، نا هیچ کەس لە خەلکو نە هیچ نوێنەرێک لە لایەن خەلکەوە چووکترین ئەسەریان لە قەبوول یان رەتکردنەوەی قانووندا نییە.

د. سادق شەرەفکەندی: لە کۆمەلێکدا کە تەنانەت بۆ نەزەردان لە سەر سپی بوونی بەفر و رەش بوونی ڕەژییش فتوای وەلیی فەقی پێویستە، لە ولاتێکدا کە بە نەزەری جەنابی خۆمەینی «اقتصاد» رۆژێک بۆ حەیوانات دەبێو رۆژێکی دیکە هەر بە قسەی ئەو جەنابە، دەبێتە یەکێک لە مەسائیلی زۆر گرینگو هەموو کەس بە بێ چووکترین گومانو راوەستان ناچارە بۆ هەردووی ئەو فەرمایشانە بەڵێ، بلێ، چۆنکە نەزەری وەلیی فەقییە «واجب الاطاعە» یە! ئایا لە ولاتێکی ئاوادا دوان لە هەڵبژاردنو دامەزراندنی مەجلیسی شووراو پەسەند کردنو نەکردنی قانوون چ مانایەکی هەیە؟




# له بێرلین داهێشتا دادوەر هەیە

تێبینی:

به بۆنەی سێزدەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری کاك دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی له ریستورانی میکۆنووس له شاری بێرلین پێتەختی وڵاتی ئاڵمان ، رادیۆی ٢٤ ساعەتەی فارسی زمانی «فردا» زنجیرە بەرنامەیەکی به ناوی «در برلین هنوز قازی هست» له ١٣ بەشدا بڵاو کردوە.

وەرگێرانی: سمایل شەرەفی

